# ئیزیدییەکان

# و

# ئایینی زەردەشت



نووسین و وەرگێڕانی نادر فەتحی (شوانە)

ڕێبەندانی 2710ی کوردی

سەرچاوە:  ئینترنێت، لە زمانی ئاڵمانی یەوە

www.rojhalat.de



## ئێزیدییەکان و ئایینی زەردەشت

کەس ناتوانێت بە ئەرخەیانی و سەد لە سەد لەسەر سەرچاوەی مێژووی ئایینی ئێزیدییەکان بڕیار بدات. بە هۆی نەبوون یاخود کەم بوونی نووسراوە و بەڵگەی مێژوویی سەبارەت بەو ئاییینە، ناکرێ بە شێوەی زانستی چۆنیەتی پێك هاتنی لێک بدرێتەوە. ڕەنگە ئەگەر بەڵگەی پێویستمان هەبایە دەمانتوانی کوردە ئێزیدییەکان بە ئاسوورییەکان، سۆمێرەکان و یاخود بابیلۆنەکانەوە پەیوەند بدەین. لە چەند دەیەی ڕابردوەوە دیالۆگێك لە مابەین ئێزیدییەکاندا لەسەر ئەوەی کە ئاییینی ئێزیدی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاییینی زەردەشت دا هەیە یان نا، دەستی پێ کردووە. هەندێك لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئاییینی ئێزیدی درێژەپێدەری ئاییینی زەردەشتە. برێك دەڵێن ئەو ئاییینە شان بەشان لەگەڵ ئاییینی زەردەشت دامەزراوە و کارلێکەرییان لەسەر یەکتر بووە. هەندێکیش دەڵێن ئاییینی زەردەشت چڵێکی جیابووەوە لە ئاییینی ئێزیدییە کە زۆر کۆنتر و قەدیمی ترە لە ئاییینی زەردەشت. رەنگە وەڵامدانەوە بەو پرسیارانە نەتەوەی کورد بگەڕێنەتەوە بۆ مێژوویەکی زۆر کۆنی مرۆڤایەتی!

**"میر تەحسین بەگ"** یەك لە بەرپرسانی ئاییینی ئێزیدی دەڵێ: ئێزیدییەکان درێژەدەری ئاییینی زەردەشتن و کوردی ئێزیدی پاشماوەی مادەکانن و بە پێچەوانەی کوردەکانی تر فەرهەنگی کۆنی مادەکانیان پاراستووە و ئاییینی زەردەشتییان ڕاگرتووە. **"ئەمیر معاویەی بن ئەلیەزید"** کە خۆی بە گەورەترین کاسایەتی ئاییینی زەردەشتیی ئێزیدییەکان دادەنێت،

پەیوەندییەکی نزیك دەبینێت لە مابەین خۆیان و "دەروزەکان" لە سووریە و لوبنان، "ئەهلی حەق" و "عەلییوڵلاییەکان"ی سووریە و تورکییە و هەروەها هی ئێران.

گوشاری ئایینی ئیسلام لە ناوچەکە وئەوڕاستییەی کە ئیماندارانی ئێزیدی لە ناوخۆی وڵاتدا نەیانتوانیوە بە ئازادی لەسەر ئایینەکەیان بدوێن و پەرەی پێ بدەن، بۆتە هۆی پێکهاتنی گرووپی جیاجیا لە دەرەوەی کوردستان. بۆ وێنە لە ساڵی 1982 لە شاری (Hannover)هانۆفێری ئاڵمان ناوەندێکی ئایینی زەردەشتیی ئێزیدی پێك هات و تەنانەت ساڵی 1987 بنکەیەکیشیان لە(Bonn) بۆن کردەوە.

سەبارەت بە پرسیار لەسەر ئایینی زەردەشت، زانایانی ئێزیدی بیری زۆر جیاوازیان هەیە و وێدەچی نزیکبوونەوەیان لە یەکتر زۆر چەتوون بێت. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە "قزڵخان" مێژووی کۆنی ئایینی ئێزیدی بە زەردەشتەوە پەیوەند دەدات، زۆربەی کەسایەتییە ئایینییەکانی تری ئێزیدی ئەو بۆچوونە ڕەد دەکەنەوە. بەڵام هەمووشیان هاوکات لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئایینی ئێزیدی بەتایبەت ڕەگەزی ناوەندی وەك پەرەستنی رۆژ و پیرۆزڕاگرتنی ئاگر یا مێژووی **"مەلیك تاووس"** زۆر لە ئایینی زەردەشت کۆنترە.

لە لایەن زەردەشتییەکانەوە سەبارەت بە پرسیار لەسەرئایینی ئێزیدی و پەیوەندیی و نزیکایەتی مابەینیان تا ئێستا وەڵامێکی ئەوتۆ نەدراوەتەوە. وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە **"ئەمیر معاویە"** کە پێشتریش ناویمان هێنا، لەگەڵ هاوبیرەکانی هەوڵیان داوە پەیوەندی بە زەردەشتییەکانی هیندوستانەوە بگرن و وەك لایەنگری ئایینی زەردەشت خۆیان بسەلمێنن، بەڵام وێدەچێ ئەو هەوڵەیان بێ وەڵام مابێتەوە و تەنانەت یەك لە زەردەشتییەکانی هیندوستان بە ناوی"نەوشیر"(Noshir H.)، ئەو پەیوەندییە واتە نزیکی و خزمایەتیی دوو ئایینی ئێزیدی و زەردەشتی بە تەواوی ڕەد دەکاتەوە. لە نووسراوەکەیدا بە ناوی:

"The Yezidis of Kurdistan – Are they really Zoroastrians?"

که لەسەر کوردە ئێزیدەکان نووسراوە هەڵوێستی نووسەر لەسەر ئەو بابەتە دیاری دەکرێت. لە ناوەڕۆکی ئەو نووسراوە کورتەدا بەداخەوە زۆر بە وردی باس لەسەر جیاوازی ئەو دوو ئایینە ناکرێت.

ڕەنگە لە چوارچێوەی ئەو تیئۆریانەی لەسەرەوە باسمان لێکرد بتوانرێت لە لایەن زانایانی مێژوویی بۆ ڕوونکردنەوەی مێژوو و پەیوندی کورد بە کولتوری زۆر کۆنەوە، چۆنیەتی و نزیکایەتیی ئەو دوو ئایینە و تایبەتمەندییەکانیان شی بکرێنەوە. من لێرەدا بۆ هاندانی نەوەی نۆێی مێژوونووسی کورد بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو تەوەرە، کورتە باسێک لەسەر "چۆنیەتیی ژیانی زەردەشت" و "تایبەتمەندییەکانی ئایینی زەردەشت" کە لە ئارشیوی نووسراوەکانی سەبارەت بە زەردەشت و بە زمانی ئاڵمانی لە ئینترنێت کۆم کردوونەتەوە، دەهێنمەوە کە ڕەنگە یارمەتیدەر بن بۆ لێکۆلینەوەی مێژوی کوردستان.

## چۆنیەتی ژیانی زەردەشت

لەسەر کات و جێگای ژیان و کەسایەتی ئایینیی **"زەردەشت"** کە بە ئێرانی ناسێنراوە بە داخەوە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نییە کە بە ڕاشکاوی دیارییان بکات. لە سەرچاوەکان و نووسراوەکاندا جێی ژیانی زەردەشت بە سێ جۆر هاتووە. یەکەم: ناوچەی **"باکترا"**کە ئەرمەنستانی ئەوڕۆ دەگرێتەوە، دووهەم: ناوچەی **"سیستان"** لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و سێهەم: لە دەوروبەری **"زەریاچەی ورمێ"** کە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای ئێران وباکووری موکریان. هەروەها لەسەر کاتی ژیانی "زەردەشت"یش دوو بۆچوون هەیە. بڕێک لە زانایانی سەدەی بیستەم کاتی ژیانی زەردەشتیان بۆ سەدەکانی 6 تا 7 ی پیش زایین دیاری کردووە کە دەگەڕێتەوە بۆحکوومەتی هەخامەنشییەکان و سەردەمی کوورشی دووهەم. زۆربەی مێژوونووسان کاتی ژیانی زەردەشتیان بە سەردەمی زۆر زووتر لە هی یەکەم بەرئاوەرد کردووە و لێرەدا بە پشت بەستن بە ڕووداوە مێژوویەکان و تایبەتمەندیی و چەشنی نووسراوەکان، دەیگەڕێننەوە بۆ 1700 تا 1500 ساڵ پێش زایین.

بەڵگەی سەرچاوەگرتوو لە کتێبی ئەوێستا لەسەر کەسایەتیی زەردەشت دەڵێ کە ئەو لە بنەماڵەیەکی ناسراو بە ناوی "Spitama" "سپیتاما" کەوتۆتەوە کە لە ڕێگەی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەوە ژیانیان دابین کردووە. باوکی لە بنەماڵەیەکی کۆچبەر و پیاوێکی زانا و ریش سپی ناو کۆمەڵگا بووە . زەردەشت خۆی زەوقی شیعر گوتنی بووە و دوای تەواوکردنی خوێندن لە بواری ئایینی بە چاوێکی رەخنە سەیری کۆمەڵگای پیاو سالاریی ئەو کاتی ئێرانی کردووە کە پڕ بووە لە نابەرابەری و ناداد گەری و دزی و دەستدرێژی بۆ نامووس و ...

بەهۆی ئەوەی کە نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ بەربەرەکانی ئەو کۆمەڵگا نەخۆشە بکات و نەیتوانیوە سەرنجی بەشدارانی ناو کۆمەڵگا بەرەوخۆی ڕاکێشێ، خۆی لە کۆمەڵگا دوور خستۆتەوە و لە تەمەنی 30 ساڵیدا ژیانی بە تەنیایی و دەروێشی لە کێو وچیای هەڵبژاردووە. دوای ماوەیەکی زۆر

ژیانی بە تەنیا و خەیاڵات و فانتازی کردن و گەڕان بەدوای ڕێگایەکی شیاو بۆ ئامۆژگاری کردنی کۆمەڵگا و هەوڵی ڕێگای ڕاست بە خەڵکی نیشاندان، هەر وەك هەموو ئایینەکانیتری کە دوای ئەو هاتوون( یەهوود، مەسیح و ئیسلام) خودایەکی بە ناوی **"ئەهورامەزدا"**ساز کرد و دەستیکرد بە بانگەشە و بانگ ئاواز کردن بۆ ئایینەکەی. دیارە هەروەك دەزانین بە هۆی نەزانی ، نا ئاگاهی و ئاسایی بوون و خۆش باوەڕیی مرۆڤی ئەوکات و بەتایبەت هۆگریی لە ڕادەبەدەریان بۆ خودایان، سەلماندنی بۆچوونەکان و تئۆرییەکان، بێ لکاندنیان بە شتێکی "ئیلاهی" و "ماوەرای مرۆڤ"ەوە شتێکی نەگونجاو بوو. بەڵام لەو نووسراوەیەدا مەبەستی ئێمە تەنیا روونکردنەوەی مێژوویيە و چۆنیەتی و شیکردنەوەی ڕاست و ناڕاستبوونی ئایینەکان تەوەری باسەکەی ئێمە نییە.

وەك دەگێردرێتەوە ئەو خۆی بە پەیامبەر و نێونجی مابەین خوداکەی واتە **"ئەهورامەزدا"** و خەڵک ناساند و مرۆڤی بۆ بیرکردنەوەی باش، قسەکردنی باش و کردەوەی باش هان دەدا. بە هۆی نەسەلماندنی بیروبۆچوونەکانی لە لایەن خەڵکەوە، پەراوازەی وڵاتان بوو و بە شێوەی کۆچبەر و هەرجارەی لە جێگایەك هەوڵی بۆ ئایینەکەی دا، تا لە 77 ساڵیدا بەهۆی پەلاماری دوژمنەکانی لەناو چوو. دوای ئەو کارەساتە کوورشی دووهەم (529 – 559 پێش زایین) ئایینی زەردەشتی وەك ئایینی رەسمی ئێران هەڵبژارد و هەتا هاتنی ئیسلام زۆربەی خەڵکانی ئێران ئایینی زەردەشتیان هەبووە. لە سەردەمی هێرشی ئەسکەندەر (323 – 356 پێش زایین) بۆ سەر ئێران، دوایین میراتگرانی ئەو ئایینە لە ناوچوون و گوایە کتێبی ئەوێستاش دەسووتێنرێت. وەك دەگوترێت لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئەو ئایینە هەمیسان پەرە دەگرێ و زیندوو دەبێتەوە. دواتر لە سەدەی 7ی دوای زایین بە هۆی هاتنی ئایینی ئیسلام و بە زەربی شەڕ و بە تیغی شمشیر ئایینی ئیسلامیان لە ناوچەدا جێگری ئایینی زەردەشت کرد.

ئەمرۆ نزیکەی 200 هەزار لاینگری ئەو ئایینە لە جیهاندا ماون. هەندێك لە ئێرانییە زەردەشتیەکان ئەوکات کۆچی هیندوستانیان کرد و لەوێ

گیرسانەوە کە ناوەندیان لە شاری بۆمبەیی یە. نزیکەی 50 هەزار لاینگری ئەو ئایینە تا ئەمڕۆش هەر لە ئێران ماون و لە ناوچەکانی یەزد و کرمان و تاران دەژین.

زەردەشت لە ڕوانگەی زۆر لە مێژووناسانەوە زیاتر فەیلەسۆفێکی ئایینییە، کە بە پرەنسیبەکانی کە بۆ باشتربوونی ژیانی مرۆڤ داینابوون، هەوڵی هێنانە سەر ڕێگای ڕاستی مرۆڤی نەزانی ئەو کاتی داوە. دوای نەمانی خۆی هێزبەدەستانی ئێرانی بیر و بۆچوونەکانی ئەویان وەك ئایین و فەرهەنگ بە یاسای ویشکی ئایینی دەرخواردی کۆمەڵگا داوە. دەنا زەردەشت لە تەواوی کاتی ژیانیدا هەوڵی بۆ سەبووری واتە تولەڕانس، دیسیپلین، بیرکردنەوەی سالم، هەڵوێستی سالم، یەکسان بوونی هەموو مروڤێك لە بەرانبەر یاسا و بەرابەری و هاونرخی بۆ هەموو مرۆڤێك داوە .

دیارە ئایینی زەردەشت وەك ئایینێکی بەهێز ئەوکات لە کۆمەڵگادا بڵاو بۆوە، بەڵام بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئایینەکانی ئەمڕۆیی جیاوازییەکی زۆری هەبوو. زەردەشت هەرگیز داوای لە لایەنگرەکانی نەکرد کە سەر بۆ خوداکەی واتە **"ئەهورامەزدا"** دانەوێنن، بەڵکوو داوای لێدەکردن تەنیا وەك سەمبولێکی زانیاری، ڕاستیی و دروستی بیسەلمێنن. لە بەرانبەر خوای چاکە دا خوای خراپە بە ناوی **"ئەهریمەن"** هەبوو. لە ناو ئەو پرەنسیپانەی کە بانگ ئاوازی بۆ دەکرد سێ یان زۆر سەرکی بوون. یەکەم **"بیرکردنەوەی باش"**، دووهەم **"وتاری باش"** و سێهەم **"کردەوەی باش"**. لەسەر بڕوای زەردەشت ئەگەر مرۆڤ لە هەڵس و کەوت دا کردەوەی باش بکات لە داهاتوودا بە باشی وەڵام وەردەگرێتەوە واتە بەختەوەر دەبێت و بە پێچەوانەش ئەگەر کاری خراپ بکات ژیانی ئەنجامی باشی نابێت و **"ئەهریمەن"** بەرەوماڵوێرانی هیدایەت دەکات.

لەسەر بڕوای زەردەشت **"ئەهورامەزدا"** زەوی و جیهانی دەوروبەری دروست کرد و هەموو شتێکی ئەم جیهانە بە دوو شێوەی چاك و خراپ هەڵدەسەنگێندرێت. رۆحی چاکە بە ناوی („Spenta Mainyu“) و

ڕۆحی خراپە بە ناوی ("Angro Mainyu„) دەناسرێت. ئەو دوانە وەك دوانە یا ئاڤەڵ دوانە (دووقولوو) دەبنە هۆی هەڵسووڕان و بوونی ئەم جیهانە. بۆ ئەوەی چاکە لەناو نەچێت دەبێ لە پەنای دا خراپەش هەبێ و بەپێچەوانەش. لە نێوان ئەو دوو ڕێگایەدا مرۆڤ ئازاد دانراوە و مافی بڕیاردان و هەڵبژاردنی هەیە. زەردەشت مرۆڤ مەجبوور بە هیچ مەرجێك ناكات. لە ڕوانگەی زەردەشتەوە مرۆڤ وەك گیان لەبەرێکی ئازاد لە دایك دەبێ و مافی هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانی هەیە.

دوای مردن ڕۆحی ئەو کەسانەی ڕێگای چاکەیان هەڵبژاردوە لەشێکی جوانیان پێدەدرێ و دەچنە ئاسمان یاخود بەهەشت. ئەوانیتریش لە جەهەنەم دەخرێن و لەوێ جەزا دەدرێن. ئەوانەی نە چاک و نە خراپ بوون تا ڕۆژی حەشر لە جێگایەك بە ناوی "هامستان" (Hamestan) ڕادەگیرێن کە جێگایەکە لە مابەین زەوی و ئاسمان. لە نەهایەتدا نە بەهەشت دەمێنێت و نە جەهەنەم بەڵکوو هەموو مرۆڤ لەگەڵ **"ئەهورامەزدا"** ژیانێک بۆ هەمیشە درێژە پێ دەدەن.

یەك لە تایبەتمەندییەکانی ئایینی زەردەشت وەلا نانی قوربانی دان لە ڕێ خوداکاندا بوو. خەڵکانی ئەو کاتیش تا سەر ئێسقان گیرۆدەی ئەو کارە ببوون و خوداکانیان [وەك:**"میترا"**، **"هوما"** یاخود**"سۆما"**] یان لە ناخی وجوودەوە دەپەرەستی. بۆ هەر کارێکی چکوولە و گەورە قوربانیان بۆ خوداکانیان دەدا. خوداکان و زۆرێك لە خوو و خدەکانیان ئیتر لە ئایینی زەردەشتدا جێگایان نەدەما. هەر بۆیە یەک لە گرنگترین هۆیەکانی ڕەدکردنەوەی ئایینی زەردەشت ئەو خوڕافاتانە بوون کە خەڵکی ئەو کات باوەڕیان پێی هەبوو.

ئەگەر مرۆڤ بە شێوەی سیستماتیك دوو ئایینی زەردەشی و ئێزیدی پێکەوە هەڵسەنگێنێ، زۆر شتی هاوبەش و هەروەها زۆر خاڵی جیاوازیشیان تێدا دەبینێ.

زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەی لە ئایینی زەردەشت لەسەر خوداکەیان واتە **"ئەهورامەزدا"** دانراون، هەر عەینی شت لە ئایینی ئێزیدیدا بۆ **"مەلیك تاووس"** هاتوون. دیارە **"مەلیك تاووس"** بە ناوی خودا نەهاتووە و تەنیا جێگر و نوێنەری خودایە، بەڵام هەردوو فیگۆرەکان واتە **"مەلیك تاووس" و "ئەهورامەزدا"** مەزن هێزی رووناکی و پێکهێنەری چاکەن و جێگایان لە سەرەوەی هەموو مرۆڤایەتی و جیهان دایە. لە ئایینی ئێزیدی دا شەش مەلائیکە هەن کە یەکیان بە ناوی "ڤاو" " Pfau" دوای خودا لە هەموو ئەوانیتر بە هێزترە.[ ئەو مەلائیکەیە لە سەردەمی بابیلۆنەکانیش لە دوای ناوی خوداکەیان "نابوو" Nabu هاتووە] باوەڕیشیان بەوە هەیە کە خودا دوای دروستکردنی ئەم جیهانە خۆی کێشاوەتەدواوە و **"مەلیك تاووس"**ی کردۆتە جێگری خۆی. لە ئایینی زەردەشتیش دا رەوایەتێکی هاوچەشن هەیە کە گۆیا **"ئەهورامەزدا"** لە ئاسمان لە پەنای شەش گیانلەبەر بە ناوی "Amesha Spentas„ حکوومەت دەکات کە لە پەنا **"ئەهورامەزدا"** وەك مەلائیکە بە نەمری و هەتا هەتایی دەمێننەوە و بە سەر جیهاندا حوکمەت دەکەن.

هێز و توانایی **"ئەهورامەزدا"** و **"مەلیك تاووس"** بێ نهایەتە و هەردووکیان بەرپرسی تەواو و کامیلن بۆ رووداوەکانی ئەم جیهانە. بەو جیاوازییەی کە لە ئایینی زەردەشتیدا دوو خودا هەن کە بۆ چاکە و خراپە بەرپرسن بەڵام لە ئایینی ئێزیدی دا بەر پرس بۆ کاری چاکە و خراپە و هەردووک فیگۆرەکان واتە **"ئەهورامەزدا"** و **"ئەهریمەن"** یش هەر **"مەلیك تاووس"**ن. دیارە بە پێی کات گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر ئایینی ئێزیدیدا هاتووە و زۆر شتیان گۆڕیوە بەڵام ڕەنگە هۆی ئەوی کە ئایینی ئێزیدی لە لایەن ئایینەکانیترەوە بە ئایینێکی تووڕە و ئەهریمەنی پەیوەند دەدرێ ئەوە بێت کە **"مەلیك تاووس"** توانایی پێکهێنان یاخود ئیجازەی لە لایەن خوداوە بۆ کاری خراپ و ئەهریمەنی هەبووە و بە واتایەکیتر کاری هەرتك خواکانی بەڕێوە بردووە.

ئەوی کە ئێزیدییەکان زیاتر لە زەردەشتییەکان کەوتوونەتە بەر پەلامار و هێرشی ئایینەکانی ئیسلام و تەنانەت مەسیحی و بە ئایینی شەیتان

ناسراون، رەنگە ئەوبێ کە بە شەفافی و روونیی "ئایینی زەردەشت" ئەو جیاوازییەی مابەین چاکە و خراپەیان روون نەکردۆتەوە!

جگە لە جیاوازی بابەتی ناو کتێبەکانیان، جیاوازییەکیتر لەسەر ناوی کتێبەکەیاندایە. کتێبی ئایینی زەردەشت هەر وەك دەزانین بە ناوی **"ئەوێستا"** مەنشوورە. بەڵام کتێبی ئایینی ئیزیدییەکان بە ناوی **"کتێبی ڕەش"** "Meshafa Res„ و **"کتێبی جیلوە"** "Kitaba Jelwa„ ناسراوە. بەڵام ئەوەش بڵێین کە جیاوازی ناوەکانیان هیچ بەڵگەیەك نییە کە ئەو دوو ئایینە لێك نیزیك نەبووبێتن.

ئەو گوتارانەی خوارەوە کە پێموایە پێویست بە وەرگێران ناکەن بەڵگەیەکن بۆ سەلماندنی بایەخ پێدانی زەردەشت لە ئایینی ئیزیدیدا:

## Qewlê Zerdeşt

| |
|---|
| Rêya rastiyê li ber xwe danî |
| Xwedê û xwedanan jêre kir rêzanî |
| Zerdeşt sekinî li berê banî |
| Got ya xwedê tû î rehmanî |
| Destê min bigihîne deman û dengê |
| Tu me azad bikî ji ezab û astengê |
| Padşayê minî rehman e |
| Horiya hilandin text û dan e |
| Li Zerdeşt gur kirin mom û çiran e |
| Zerdeşt got ya xwedê tu xwedanî |
| Tu laiyqê medh û sinanî |
| Tu kesê bê kesanî |
| Tu mefera bê meferanî |
| Tu xwediyê neçar û bê çareyî |
| Tu cebarê şikestiyayî |
| Tu hekîmê kul û derdayî |
| Zerdeşt bi sitara ji bê xwe naskirî |
| Bi şev û rojê difikirî |
| Ya xwedayê minî |

| |
|---|
| Ji ewil heta axirî |
| Xwedayê min î Cebar e |
| Rêya baweriyê ji Zerdeşt re kiribû ferwar e |
| Şade û baweriya min ew e |
| Ya xwedê te buhûşt çêkir |
| Dojeh li ber ewiran de |
| Ji bo giyana nezan û xafila |
| Şade û baweriya min ew e |
| Zerdeşt bi şev û rojê xwe naskir |
| Canê me ji destê kafir û zalima azad kir |
| Padşahê min î dilovan e |
| Ewî sebir ji Zerdeşt re kiribû tixûb e |
| Bi şev û rojê li ber nûra sibê kiribû sicûd e |
| Bi şev û rojê sicûde kirî |
| Rengê ezmanan pê xemilî |
| Sitara min ji wê eynetê |
| Ez li ber nûra xwedê dikim xilmetê |
| Da ezdanê min azad bike dadê roja axretê |
| Tirsa min ji dada axretê heye |
| Me li nefsa xwe kiribû tobe ye |
| Zerdeşt got min dît, bi herdû çava |
| Ji sed hezar rastî |
| Yek rastî maye |
| Zerdeşt got ez ji wê dilbirîn im |
| Ez çi rastiya di wê bedîlê de nabîn im |
| Ez bang û hewara bi xwedayê xwe digihîn im |
| Bedîl hatin û bihûrîn |
| Xwedanîman û xwedanşeref kewgîrîn |
| Zerdeşt bi şev û rojê difikirî |
| Xwe ji agirê xezebê dûr kirî |
| Zerdeşt fikirî, fikir da ser xeyal e |
| Bi şevê nekir xew, bi rojê ne dixwar e |
| Kul û xema min ew dîndar e |
| Zerdeşt got ya xwedayê min |
| Ez ji te bi hîvîm e |
| Ez we bedîlê bi çavê xwe nebîn im |
| Xweyîesla cih veguhast in |
| Xweyîesla xwe ji agirê xezebê ne parastin |

| |
|---|
| Bêesla xwe ji nedîtina ne parastin |
| Gotinê ne rastî veguhastin |
| Xwe ji agirê xezebê ne parastin |
| Zerdeşt got ji nezana were axret nîn e |
| Ji ser ve sipîne di dilê wan de xezeb û kîn e |
| Cihê wan li ba meleke dojê jî nîn e |
| Ewanin li ber geliyê waweylê ve dilezîn e |
| Zerdeşt got ên bedîla nehsedê agir e |
| Xezebê li wan wesilê li wan bû hizn û girîn e |
| Li xweyîesla bû şahî û şewq e |
| Bêesil di heybeta xwedê kewgîrîn |
| Padşayê min î xefûr e |
| Ji ba hatiye ew destûr e |
| Nezîk bû axret û îman e |
| Ji bêîmanan re bûye dir e |
| Zerdeşt got min bawerî bi ezdanê xwe anî |
| Min libasê sipî hilanî |
| Min cîhan terk kir rêya axretê li pêşiya xwe danî |

## Qewlê Pîrê Sîba

| |
|---|
| Kember anîn û ristin |
| Ji 72 mileta diparastin |
| Navê Zerdeşt cara digerînîn |
| Lê gerandin sê cara |
| Ji bo fikir û raman dost û yara |
| Peyv û dîtîn niyet û kara |
| Pîrê Sîba rihê xwe |
| Û sira  xwe dide Zerdeşt |
| Û pîrê wî ye Zerdeşt şandiye |

به گشتی، له رێ و رەسم و خده و خوو وجەژن و پیرۆز ڕاگرتنی ئاگر و بەڕێوەبردنی بۆنەکان و به خاکسپاردنی مردوەکان و بەتایبەت جێژنی نەورۆز و چوارشەممه سووریدا گەلێك خاڵ هەن که وەك یەك دەچن و بڕێکیشیان جیاوازییان تێدا بەدی دەکرێت. تەنانەت برێك لەو فەرهەنگانه له لایەن بابیلۆنەکان و سۆمێرەکان و ئاسوورەکانیشەوە بەڕێوەچوون. که لێرەدا بۆ کورت ڕاگرتنی بابەتەکه من ئاماژەیان پێ ناکەم.

به لەژێر زەڕەبین گرتنی ئەو دوو ئایینه بۆمان دەردەکەوێت که ئایینی زەردەشت و ئیزیدی نیزیکی یاخود کارلێکەریەکی حاشاهەڵنەگریان لەسەر یەکتر هەبووە و هیچ دوور نییه له ڕابردوودا هەردووکیان له سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵابێتن. له لایکیترەوە پەیوەندی ئایینیی مابەین ئیزیدی و فەرهەنگی کۆنی میزۆپوتامیا وەك نەتەوەکانی "ئاسوور"، "سۆمێر" و بابیلۆنەکان که هەروەك له "کتێبی ڕەش" دا ئاماژەی پێکراوە که "ئەو ئایینه له لایەن ئاسوورییەکان و بابیلۆنەکانی زۆر کۆنەوە بەڕێوە چووە"، هاندەرێکه بۆ زیاتر پشکنینی ئەو بابەتە. بۆ چەسپاندنی ئەو بۆچوونه گەلێك رێ و ڕەسمی هاوچەشن هەن وەك : خوای بابیلۆنەکان "نابوو" Nabu، خوداکانی "سین" Sin و "شاماش"Schamasch، بۆچوونیان لەسەرتیۆری پێکهاتنی ئینسان، بەڕێوەبردنی ڕێ و ڕەسمی جێژنی سەری ساڵ، سەفەر کردنی رۆح بۆ بەهەشت و ... ئەو نەتەوانه لێك نزیك دەکەنەوە.

تەواو